# چارەسەری گریمانەیی سەدر بۆ بۆشایی دەستهەڵگرتنی مەرجەعەکەی

10-09-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** لەوکاتەی سەدرییەکان بەشە هەرە گرنگ و نێودەوڵەتییەکەی بەغدا "ناوچەی سەوز" گرتبوو، لەسەر وێبسایتی مامۆستاکەی سەدر؛ ئایەتوڵڵا حائیری، بەیاننامەیەکی نامۆ و بێ پێشینە بڵاوکرایەوە کە برنج و قیمە خواردنی مانگرتنی سەدرییەکانی گۆڕی بە خۆپیشاندانی توند و شەڕو پێکدادانی خوێناوی، چونکە سەدری ڕێبەریان بەدوای ئەوەدا وەك نەریتی جارانی وازهێنانی لە سیاسەت راگەیاند.

لەوکاتەی سەدرییەکان بەشە هەرە گرنگ و نێودەوڵەتییەکەی بەغدا "ناوچەی سەوز" گرتبوو، لەسەر وێبسایتی مامۆستاکەی سەدر؛ ئایەتوڵڵا حائیری، بەیاننامەیەکی نامۆ و بێ پێشینە بڵاوکرایەوە کە برنج و قیمە خواردنی مانگرتنی سەدرییەکانی گۆڕی بە خۆپیشاندانی توند و شەڕو پێکدادانی خوێناوی، چونکە سەدری ڕێبەریان بەدوای ئەوەدا وەك نەرێتی جارانی وازهێنانی لە سیاسەت ڕاگەیاند.

ئایەتوڵڵا کازم حائیری ـ 84 ساڵ_ لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە دەستبەرداری مەرجەعیەت بوو، لە کاتێکدا ساڵانێکی زۆرە وەك پردی پەیوەندی لەنێوان شیعەی عێراق و ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئێران و مەرجەعەکانی بەرەی ویلایەتی فەقیە کار دەکات. بەوپێیە، بە ڕەچەڵەك کەربەلایی و بە نیشتەجێبوون و مەشرەبیش ئێرانییە. ناوبراو لە هەرە دەرکەوتووترین خوێندکارەکانی هەردوو سەدرەکەیە؛ محمد باقر و محمد صادق. دووەمیان کە باوکی موقتەدایە، بەرلەوەی تیرۆر بکرێت (1999) وەسێتی کردووە بۆ شوێنکەوتەکانی کە بگەڕێنەوە سەر بۆچوونەکانی حائیری ئەگەر خۆی لە ژیاندا نەما یان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیرکرا. بەو پێیەی بەبۆچوونی ئەو "حائیری شارەزاترینە"، ئەمە لە کاتێکدا کە لە نەجەفدا سیستانی و لیستێکی تر مەرجەعی تەقلیدی دەستبەکاربوون!

لەپاش 2003 کە ڕەوتی سەدر وەك ڕێکخستنێکی هەرەمی عەقیدەیی تەپ و تۆزی ژێردەستەیی بەعسی لەخۆی تەکاند و بە جۆش و خرۆشی زیاترەوە دەرکەوت، پەیوەندییەکەیان لەگەڵ حائیری هەرزوو گرژی تێکەوت، چونکە لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی مەرجەعی جێگرەوە، موقتەدا سەدر سوپای مەهدی ڕاگەیاند و جاری شەڕی دا (2004)، ئەمە لە کاتێکدا تازە بەتازە تایفەی شیعە بەری کەوتنی سەدام و "داگیرکردنی عێراق" یان دەچنییەوە و ئەو ڕۆژانە بۆ ئەم تایفەیە وەك سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە بوو. بەدوای ئەوەشدا پەیوەندییەکان گەیشتنە ئاستی کێشانەوەی متمانەی بریکاری لە موقتەدا سەدر لەلایەن حائیرییەوە، بەبێ ئەوەی بگاتە بچڕانی تەواوەتی، چونکە حائیری وەك ئامڕازێکی گوشار پێویست بوو بۆ خاوکردنەوەی هەڵچوون و ریسکە بەردەوامەکانی سەدر.

پەیوەندی ناچاریی سەدر و حائیری گوزارشتە لە گرێ ئاڵۆزەکەی ناو هەموو جیهانی شیعە کە چۆنیەتی سیاسەت کردن و ڕێبەرایەتییە لە نەبوونی ئیمامی زەمان و مەعسوم. ئەم گرێ و بۆشاییەش لە دنیای شیعەدا بە شوێنکەوتنی ڕێنماییەکانی شەرعزان و مەرجەعی تەقلید چارەسەر کراوە تا ئەوکاتەی ڕێبەرە راستەقینەکەی شیعە دەردەکەوێت کە مەهدی مونتەزەرە و هیچ وادەیەکی دیاریکراوی ئەم دەرکەوتنەش لە بیروباوەڕە مەزهەبییەکاندا نییە. لە ئێستاشدا کە حائیری ئەو چاودێری و پاڵپشتییەی هەڵگرت و کشایەوە، سەدرییەکان بەهەمانشێوەی کایە سیاسییەکە، لە کایە ئایینی و مەزهەبییەکەشدا تەنیا و شپرزە بەجێ مان. لەوەش خراپتر، مامۆستاکەیان ئاراستەی کردن ببنە شوێنکەوتەی خامنەیی !

بۆ سەدر شوێنکەوتنی خامنەیی بەواتای کوشتنی پرۆژە و خەونەکەی دێت کە دروستکردن و ڕاگەیاندنی دەسەڵاتێکی سەدرییە لە عێراق کە لەجیاتی پاشکۆی ئێران، دۆست و هاوپەیمانی دوور بەدوور بێت، هەروەها بەواتای دەستبەرداربوونیش دێت لە غروری "الزعیم العراقي" و "المرجع العربي" کە دوو پایەی سەرمایە ڕەمزییەکەی ئەون، هەر لەبەر ئەمەش سەدر بێ پێچ و پەنا ڕەتیکردەوە؛ لەلایەك گومانی لەسەر ئەوە دروست کرد کە ڕاسپاردەکەی حائیری ئازادانە کرابێت، لەلاکەی تر بە ڕووکەش کشانەوەی خۆی لەکاری سیاسی ڕاگەیاند بۆ ئەوەی نەچێتە ژێرباری هیچ پابەندییەکەوە تا خۆی ڕێك دەخاتەوە.

کشانەوەکەی حائیری لەلایەك سەدری لە سێبەری ناوبراو قوتارکرد، لەلاکەیتر خستویەتییە گێژاوی چۆنییەتی پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکانی خۆی ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی لە دەسکەوتەکان و پێگەی ئێستای کەم بکات، چونکە خۆی هێشتا نەبووە بە موجتەهیدو ئایەتوڵڵا و مافی ئەوەی نییە فەتوا بدات. بەو پێیەشی لە دنیای شیعەدا لە پاش مەرگ و ئاوابوونی کەسایەتییە کاریزماتیکەکان، کاریگەریی و دەسەڵاتەکەیان دابەش دەبێت و ورد دەبێتەوە، ڕەنگە سەدریش لەبری دۆزینەوەی ڕێبەرێکی ڕۆحی و گرتنی مامۆستایەکی نوێ، کاروباری حەوزە و ڕەوت و باڵە سەربازی و سیاسییەکەی پارچەپارچە بکات، ئەمەش بۆ ئەو زۆر باشترە کە بەری خوێن و فرمێسکی بنەماڵەکەی و میراتی باوك و دوو برا تیرۆرکراوەکەی لەسەر سینی پێشکەش بە مەرجەعێك بکات کە ڕەنگە لە داهاتوودا خەونە بنەڕەتییەکەی بۆ ڕێبەرایەتی ئایینی لێ تێك بدات.

بەگوێرەی ئیجتیهادەکانی ناو مەزهەبی شیعە لەنێوشیاندا قوتابخانەی محەمەد سەدر، لەسەر ڕێگەپێدانی مەرجەعی "شارەزای" زیندوو، تەقلیدکردنی مەرجەعی مردوو (ابتداءً) یان بەردەوام بوون لەسەری دروستە (خوتبەی دەیەمی سەدر)، ئەمەش یەکێکە لەو دەرچانەی بۆ سەدرییەکان زۆر گرنگە تا پەیوەندییان لەگەڵ میراتی ڕێبەرە گەورەکەیان کە باوکی موقتەدایە نەبچڕێت کە بەلای ئەوانەوە "یارە پیرۆزەکەی خودایە _الولي المقدس"، هەر لەم سۆنگەیەشەوە موقتەدا لە کڵێشەی فەتواکانیدا ڕستەیەکی جێگیرکردووە؛ کە لەبەر ڕۆشنایی فەتواکانی "شەهید سەدر " حوکم دەدات، هەروەها سەدری باوك جگە لە حائیری ناوی ئیسحاق فەیازیشی بردووە بۆ ئەوەی بۆ کاروباری ڕێکخستنی حەوزە و فەقێکان بگەڕێنەوە سەری بەو پێیەی دەستیان بە حائیری ناگات لە ئێران، هەروەها پێی وابوو فەیاز کە ئەفغانییە دڵ و دەروونی باشترە بەراورد بە سیستانی و نەجەفی و حەکیم و مەرجەعە تەقلیدییەکانی دیکەی نەجەف کە لەگەڵ بزاوتە خورتە کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕەکەی محەمەد سەدردا دانویان نەدەکوڵا و هەمیشە لە دەنوکە تەقەدا بوون. ئەو بەشەی دووەمی وەسێتەکەش بەشێوەیەکی کاتی هەندێك کەلێن و بۆشایی دیکە بۆ سەدرییەکان چارەسەر دەکات.

لەو کاتەی کە سەدر کشانەوەی لە سیاسەت ڕاگەیاندووە، لە دوو ڕوونکردنەوەی درێژدا تەفسیری ئایەتێکی قورئان و مانای فەرموودەیەکی پێغەمبەریشی کردووە، کە هەردووکیان دەربارەی ئال و بەیت و ئیمام حوسێنن، دەکرێت ئەمەش وەك خۆ ئامادەکردنی سەدر بۆ قۆناخ و ڕۆڵێکی نوێ بێت کە زەقکردنەوەی ڕێبەرایەتییە ئاینییەکەیە لە کاروانی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خەونی مەرجەع بوون. بەهۆی ئەوەشی ڕەوتی سەدر بزووتنەوەیەکی دینامیکی و جیاوازە لە قوتابخانەکانی تری شیعە، مەرج نییە خۆی پابەند بکات بە ڕێوشوێن و بەندوباوەکانی دۆزینەوەی مەرجەعیەتێکی ناسراوی ناوداری گەورەوە، وەك شوێنکەوتنی سیستانی بۆ نمونە، کاتی خۆیشی سەدری باوك هەر بەشێوەیەکی نوێ و نا تەقلیدی مەرجەعیەتی خۆی ڕاگەیاند بەبێ ئەوەی لەوکاتەدا مەرجەعێکی لەخۆی گەورەتر پاڵپشتی بکات، لە سۆنگەیەشەوە ئەگەر زۆرە، لەمەولا سەدر و ڕەوتەکەی پشتیوانی مەزهەبی بۆ دینداری و حەوزە و سیاسەت بەش بکەن بکەن تا ئەوکاتەی موقتەدا پێ دەگات. لە چەند ساڵی ڕابردووشدا هەر وایان کردووە چونکە ئەوکاتەشی ئایەتوڵڵا حائیری لە گۆڕەپانەکەدابوو بەدەگمەن دەگەڕانەوە سەر فەتواکانی کە بەشی زۆری بەلای حەشدی شەعبی ڕکابەری سەدرییەکان و ویلایەتی فەقیهی ئێرانیدا لارەسەنگ بوو.